نێچیرڤان بارزانی: دەبێت پێکەکە لە سنووری شنگال بچێتە دەرەوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ماوە بە دڕۆکراوی هەرێمی کوردستان لێیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەکات: ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کراوە بە دانان بە جینۆسایدی ئێزدییان، هاوکاریی نێودەوڵەتی، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق بە خزمەتی ئێزدییان کراوە لە دانانی یاسای (ڕزگاربووانی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە لەم مەسیحی و تورکمان و شەبەک)، بینینەوەی یارمەتیی مانگانە لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هێزەها پشتیوانی لێلایێن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە بە یارمەتیدانی ئاوارەی ئێزدییەکان بە گەڕانەوە بۆ شەنگال و چەندین هەنگاوی دیکەش، جێی ڕێز و پێزانین و دەستخۆشین، بەڵام بەم دنیاییەوە هیچێك لەوانە بەس نین و هێشتا زۆر ماوە کە دەبێ بە گەلی خۆرشۆیستی ئێزدیپیان بکرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتیشی: کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی جینۆساید، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی هەمووانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان و تەنانەت کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش. چارەسەرکردنی لێکەوتەی دەروونی، کۆمەڵایەتی، مرۆیی، ئابووری و ژینگەیی جینۆساید، ئەرکێکی قورس و درێژخایەنە کە توانا و پسپۆڕی و پێویستیی زۆری دەوێت. ئێمە هەموومان جگە لە بەردەوامی و سەرخستنی ئەو ئەرکە، هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەپێش نییە

و دەبێ بیکەین. دەبێ چارەنووسی ونبووان ئاشکرا بکرێت و کەسوکاریان لە ئازاری بەردەوامی چاوەڕوانی ڕزگار بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە هەموو خوشك و برایانی ئێزدی دنیا دەکەینەوە هەتا تاقەتی ڤەندراوەك مابێت، کاری تیمەکانی نووسینگەی بۆ ڕزگارکردنی ڤەندراوانی ئێزدی بەردەوام دەبێت.

بە هەزاران قوربانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پێویستییان بە چارەسەری دەروونی و چاودێری تایبەتی هەیە، دەبێ بۆیان مسۆگەر بکرێت و یارمەتییان بدرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی. شەنگال و دەوروبەری، پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و مسۆگەرکردنی ئارامی و سەقامگیری هەیە. بۆیە پێویستە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی شنگال و ئاساییکردنەوەی دۆخەکەی.

سەرکی هەرێمی کوردستان لە ڕووسمێک لە یادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان گووتیشی: هەموو پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی چیتر شەنگال و ئێزدی نەبنە گیردەی ئەجێندای حزبی و سیاسی و بارمتەی دەستی هاوکێشە و هێزە ناوچەییەکان. شەنگالییەکان دەبێ خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و چیتر دیلی دەستی هێزەکانی دەرەوەی سنوور نەبن، بۆیە PKK و هەر هێزێکی نایاسایی، دەبێ شەنگال بجێبهێڵن تاکو هەموان پێکەوە بتوانن ئاسایش، ژیان، ئاوەدانی، ئومێد و هیوا بگەڕێنەوە بۆ شەنگال. لە عێراقی فرەئایین و نەتەوەدا، بوونی کارای دامەزراوەکان و جێبەجێکردنی دەستوور، گەرەنتیی پاراستنی هەموو پێکهاتەکان و ماف و ئازادییانە.

کلیلی ئارامی و سەقامگیری و پێشکەوتنی وڵاتە، بۆیە دەبێ هەموومان کار بکەین بۆ جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق.